هوَ اللَطِیف

عنوان : میرزا احمدی داواشی و شیوه ی شیعر

گیرایی و دڵرفێنی شاراوەی فولکلۆری کوردی، تەفسیری مانایی بەرهەمێ لە میرزا احمد داواشی

نویسنده : سید معتصم هاشمی

کۆنفرانسی نەتەوەیی میرزا ئەحمەدی داواشی

1402/12/1

CamScanner

کورتەی وتاری :

پاش سەرە تاکان، لەمەودای دوو بەشدا ناوەڕۆکە سەرەکیەکانی نووسراوە کە پێش چاو خراوە، بەوجۆرە کە لە خوارەوە دێت. بیری پەروەردە کراو لە وتاری حازر لە سەر ئەساسی بۆچوونی ئێمە لە میرزا احمد وەک «شایەر»ێ بەدی هاتوە. دیارە پەیوەندی بەر بڵاوو بە ناویەکدا چووی شیعری میرزای مەرحووم بە «ئەدەبیاتی عامە» هاندەری سەرەتایی بوە بۆوەها ڕوانین و تەسەورێ لەو. هەر بۆیە هەڕکەوتووترین بەرهەمی ئەو «حەجی مام ڕێوی» کە ژێر کاریگەری فولکلۆر بەدی هاتوە، تەفسیر و پیاڕوانین کراوە: بە لە نەزەر گرتنی داهێنەرانە بوونی بەرهەمی میرزا، مەنزوومەی باسلێکراو تا چ ڕادە بەرامبەر بە ڕوخساری لە ئوستورە چووی بەرهەمە فولکلۆریە سەرەکیەکە، دیمەنێکی ئینسانی و واقیعی و ڕەخنەگرانەی بە خۆگرتوە؟ پایەی مەنزوومەکە بە نیسبەتی بەرهەمی بنەڕەتی کە گیرایی و کەش و هەوایەکی «سەرەتایی، هەتاهەتایی» بەڵام هاوکات سادە ولادێ یانەی هەیە، لە چ ئاستێ لە بایخە داهێنەرانەییەکان ئارامی گرتوە؟ لە فەسڵی کۆتای دوایی بە زیندووکردنەوەی بەڕێزی و جوانیەکانی «ئەدەبیاتی عامەی» کوردی ئاماژە کراوە گەرچی فولکلۆر سەرووی شادی و بە ئامانج گەیشتنەکانی زەینی گشتی کۆمەڵگا، نیشانێ لە گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەکان و تاڵیەکانیشی بە تەواوی پێوەیەکە لە فولکلۆردا نە بەو زووریە، بەڵام ڕەنگی داوەتۆ. لەم لاپەرە کۆتاییانە تێکوشراوە بایخە بەڕواڵەت ئاسایی ئەمما گرنگەکانی فولکلۆر پێش چاو خرێن و هوشداری لە بیرنە کردنیان بدرێ.

CamScanner

کلیّلە وشە :

ئیقتیباس،تەتبیق ، فولکلۆر، مەنزوومە ، ئەدەبی گشتی، شایەر

CamScanner

چکیده :

پس از مقدمات، طی دو بخش به مضامین محوری نوشته پرداخته‌شده است، به ترتیبی که ذیلاً خواهد آمد.
انگاره‌ی پرورده شده در مقاله‌ی حاضر بر اساس تلقی ما از میرزا احمد به‌عنوان یک «شایَر» شکل‌گرفته است. طبعاً ارتباط وسیع‌الطیف و تنگاتنگ شعر میرزای مرحوم با «ادبیات عامه» الهام‌بخش اولیه در چنین تصوری از وی بوده است. لذا برجسته‌ترین اقتباس وی از فولکلور: حج رفتن روباه (حه‌جی مام ڕێوی)، مورد مداقه و تفسیر قرارگرفته است: با توجه به خلاقیت در اثر میرزا، منظومه‌ی موردبحث تا چه میزان در برابر رخساره‌ی شبه اسطوره‌ای اثر فولکلوریک اصلی، سیمای انسانی، واقع‌گرایانه و انتقادی به خود گرفته است؟ مقام منظومه به نسبت اثر اصلی که از گیرایی و فضایی «ازلی، ابدی» اما درعین‌حال ساده و روستایی برخوردار است، در کدام سطح از ارزش‌های آفرینش گرانه آرام‌گرفته است؟ در فصل کوتاه پایانی به بازیابی ارجمندی‌ها و زیبایی‌های ادبیات عامه‌ی کُردی توجه شده است، گرچه فولکلور علاوه بر شادی‌ها و کامکاری‌های ذهنیت جمعی اجتماع، نشان از ناکامیابی‌ها و تلخ‌کامی‌ها را نیز عمیقاً بر خود دارد. در این صفحات نهایی بر دریافت ارزش‌های به‌ظاهر ساده اما سترگ فولکلور و یادآوری خطر فراموش نمودن آن تأکید شده است.

CamScanner

کلیدواژه :

اقتباس، تطبیق، فولکلور، منظومه، ادبیات عامه، شایَر

Abstract:

Mirza Ahmed's poetry has creative links with the foundations of Kurdish national literature and its folklore. In the first part of this speech, a considerable amount has been taken into consideration from various poetic aspects: Is Mirza Ahmed considered a poet with the conventional meaning that this interpretation can have? Or is it "poet" in the same sense that common people understand it? Is he a national poet or is he on a higher level than "poet", even though he wrote poetry in the same way? In the second part of the article, a comparison has been made between Mirza Ahmad and his works with the poetic results of "Fahim" and "Shami" and in it, attention has been paid to the content, form and style to what extent they are compatible with each other. The conclusion of the speech is aimed at determining the identity and specific genre of the works as well as understanding the true level of his poetry in its special place. A correct understanding of Mirza Ahmad and his literary works, due to the closeness of his compositions to the most natural types of poetry, means knowing a valuable part of the nature of Kurdish folklore and its special culture. Because Mirza, as a national poet, is only one step away from that fundamental literary world in the language and weight of the poem and "tone", that is, a charming rain of native romanticism. This particular measure of closeness is mentioned in the present article to reach the mentioned result.

CamScanner

Key word:

Native literature, folklore, poet, poet, national, style and weight

CamScanner

سەرەتا :

لەم وتارەدا تێنەکۆشیوم قوتابخانەی هونەری بۆ ئەم شاعیرەمان دابین کەم. بۆ بەرهەمی چون میرزا احمد کەسێ، دابەش کردنی قوتابخانەیی و مەدرەسەی شیعر، ئەمەکە ڕومانسیە یا کلاسیکیە؟ نیە لە پلەی یەکەمدا.

گرنگ لە حاسڵی شیعری ئەودا دیاری کردنی چەشن (گۆنە)، جۆر (نەوع) یا شتێکە لە قەبارەی «ژانر». ئایا شیعری میرزا دووپات کردنەوەی فولکلۆرو ئەدەبی گشتی «عامە»یە؟ ئایا شیوەی سروودەی ئەو لە ئاستی ئەدەبیاتی سەردەمدایە و کارێ واکردوویە هەڵبەستی سەردەمە؟ ئایا ئەو شاعیرێکی میللیە و شیعرێ کە وتوویە شیعری میللیە؟ ئایا شیعری میللی ئەوەیەوا باشترین شایەران ئەیڵێن؟

کەوابوو باسی سەبکی گشتی یا تاکەکەسی «شەخسی» تەنیا کاتێ دەتوانێ کارساز بێ کە پێشتر پلەی تایبەتی شاعیرمان بۆ دیاری بووبێ. باسی ڕومانتیزم (بە فرانسە) و ڕومانتی سیسم (بە انگلیسی) ئەگەر ئەو شاعیری سەربە ئەدەبی نووسراو نەبێ، کە ئەم دابەشکردنانە تەنیا لەوێ مانای هەیە، بە کاری ئێمە نایە.

دیارە میرزا احمد لە «بابەتی شیعریدا» بڕێ ناوەڕۆکی «ادبیاتی عامە» و بازێ مەزموونی ئەدەبی نووسراوی هاوردەوە (کلاسیکی یا ڕومانتیکی). لە فورمدا ڕومانسیەتی خۆمالّی بە موسیقای میللی «هیجا» بەکاربردوە و ئەوەی لە ئەدەبی گۆران زمان پێ گەیشتوە و لە فولکلۆری[1] کوردی. وتارەکە لە بنە مادا ئەم جۆرە بابەتانەی شوێنگرتوە وا باسمان کرد هاوڕێی قیاس کردنی میرزا بە شامی و فهیم.

۱- مامۆستای مەرحووم دوکتۆر عیزەدین ئەڵێ: « بۆ ئێمە ئەدەبیاتی میللیمان هەر لە سەر ئەو کێشانەیە کە شیعری فولکلۆری کوردی یان پێ وتراوە ...» دیارە کێشی شیعری فولکلۆری هیجا بووە. ئەدەبیاتی نوێی کوردی - دوکتور عیزە دین مستەفا ڕەسوڵ - لاپەڕەی ۵ - چاپی بەغدا - 1989 زاینی

بەشی یەکەم: میرزا ئەحمەد، شاعیر یا شایەر؟

ئەمە وا شاعیری باسلێکراوی ئێمە لە کوێی سەرجەمی ئەدەبی کوردی: (1-ئەدەبیاتی عامە 2- ئەدەبی میللی 3- ئەدەبیاتی نوسراوو فەرمی) ڕاوەستاوە، لە گرنگترین باسەکان، بەڵکوو بە دڵنیایی سەرەکی ترین بابەتە دەربارەی حاسڵی زەوق و بەهرەی ئەو.

شایەران «لەبەر» شیعریان وتوەو بۆ وتنی بیریان لێ نەکردوە. میرزا احمد بە لای کەم لەبڕێ کۆڕوکۆمەڵ وەک شایی و شیوەن (گەرچی بۆ شایی دڵنیا نیم) وای کردوە و « فی البداهە» شیعری و توە:

ئیمڕۆ ڕۆژکەی چَرموُ سوارە سالار لاکەرۆ مامۆت زامارە[1]

شایەران بە زمان و زەینی خەڵک شیعریان وتوە و بە شوێن وشەی قووڵ و نائاسایی یا ڕەق نەگەڕاون و سادە وتوویانە. ئەویش لە بەشێکی دیاری لە بەرهەمیدا وای کردوە :

حاجی کەواسە ڕات و ڕوُت ئەکەی بیستوومە قورواق هەشت، هەشت قوُت ئەکەی

کەڵەشێردای لە باڵ، قوُڵانی و مەیل ڕێوی مـــەڕێـــزا ئـەسرینـــان چون ســەیل

کەڵەشێردای لە باڵ ڕێوی واقانی مـــامر قـــرتانی، ســـەر ســـەوز قیـــڕانی[2]

ئەمەیش کە لە نیو بەیتی یەکەمی دووبەیتی دووایی، یەک هیجا زیاترە لە نیو بەیتی دووهەم،[3] گەر چی دەکرێ بە «اختیاراتی شاعیری» ناوی ببەین، بەڵام بە ڕوالەت مەنزوومەکە بەوەی «شایەران» کە لە گەڵ هەموو لوتف و جوانیان، جار و بار چەشنێ شپرزەیی و ناڕێکیان لە کێش و ماناتیا ئەبینێ، دەشوبهێنێ و شوناسەی بنەڕەتی شیعرەکە دیاری دەکا.

۱- ئەم بەیتە کە بەیتێ تریشی لەگەڵدا بوە لە ڕێوڕەسمی چەمەری وتوویە و نووسەر لە مامۆستا سید تاهیری بیستوە.

۲- نەقڵ لە سەرچاوە پێشوو.

۳- ئەم چەشنە شیعرانە کە سوورەتی نووسراویان نەبوە یا دێرتر نووسراون و هەر لە بیرو زەینی شایەردا بوون گا بە چەند ڕیوایەت گێرانەویان هەیە یا بوە لە وانەیە لە بنەڕەتدا شیعرەکە هیجای زیادەی نەبێ. گەر چی لە نووسراوی مامۆستا سەید تاهیریش هەر ئەو هیجا زیادە هاتوە.

شایەران کێشی شیعرەکەیان لە فولکلۆر و ئەدەبی «عامە» وەرگرتوە، جا بۆیە ئەو شیعرانەیان لە سەر وەزنی هیجایە کە بە کوردی حونجە، پەنجەشیان پێ وتوە. دەبینین کە مۆسیقا و کێشی شیعری میرزایش هەر ئەوەیە، هیجایە.

ئایا ئەگەر لەحنی تایبەتیشی کە حەکایەت ئامێزە و ڕەواییە و وەک خەڵکی ئاسایی ئەوسا شت سادە و بە تام و بۆیەکی دێرین ئەگێرێتۆ، پێش چاو خەین و بڕوانین بۆ لەحنی شایەرانەی کە ئەویش هەر وایە، ئیتر دەتوانین بە بێ سێ و دوُ بڵێین احمد داواشی شایەرێکی تەواوە؟ بە بۆ چوونی ئەم نووسینە هەرچەند لە سروودەی میرزای مەرحووم شیعری شاعیرانە و بڕێ سنعاتی شیعری نووسراو (مەکتووب) کەم نین و بڕێ لە شیعرەکانی و بە تایبەت «سیاپۆشەکەم» لە گەڵ خاسیەتەکانی شایەری، زۆر نیشانەی ئەدەبی «مەکتووب» و فەرمیشی تیایە، بەڵام ناسنامەی سەرەکی شیعری ئەو شایەرانەیە. باشترینی شیعری شایەران.

جا پێویستە لێرە بڵێین کە ناچارین دوو مانا بۆ «شایەر» بە دەست بدەین. یەک مانای ئەوەیە وا لە «ئەدەبیاتی نوێی کوردی» هاتوە: «... کە چی شایەر تەواو بەو گۆرانی بێژ و شاعیرەگەڕیدانە دەوترێت کە «لە بەر» و زۆر جار کتو پڕ شیعر و گۆرانی دەڵێن.[1]»

مانای تری ڕەنگە زیاتر تایبەت بەوڵاتی جافی جوانڕۆ بێ کە لەوێدا وشەی «شایەر» شمووڵی «گۆرانی خوێندن» ناکا یا کەم بیزاوە وابێ. کە وابوو تەنیا بەشێ لە مانای شایەر، ئەحمەد داواشی دەگرێتۆ: لە بەر خوێندن و کتوپڕی و سادە بێژی.

میرزا احمد گۆرانی بێژ و گەڕیدە نەبوە. شیعریشی تۆمارکراوە، جا لە بەر ئەم خاڵانە دەڕواتە خانەی شیعری میللیەوە. دوکتور عزالدین ئەڵێ: ...ئەگەر شایەری ئێمەش وەک شایەری گەلێک میللەتی تر، بەختەوەربن، ئەوا بەرهەمەکانیان یەکسەر تومار دەکرێن... و لە کاتی لیکۆڵینەوە دا دەچنە خانەی ئەدەبی میللیەوە ... [2]»

لەم ڕووە وە شیعری میرزا ئەحمەد کە تۆمارکراوە و ئەو خاسیەتانە پێشتروتران، هەیەتی، دەتوانێ شیعری میللی بێ و خۆیشی بە شاعیری میللی دانرێ کە لێرەدا لە گەڵ شایەریەک دەگرن و جیاوازیان نیە.[3] ئەمەیش دەبێ بزانین کە لەفزی

۱- ئەدەبیاتی نوێی کوردی- عیزەدین مستەفا- لاپەرەی ۱۰ چاپی یەکەم- 1989 زانینی - بغداد

۲- سەرچاوەی پێشوو لاپەرەی ۱۱

۳- یانی لە گەڵ ئەو بڕە سایەرە کە گورانی بێژ نین یا بەرهەمیان دەچێتە پلەی شیعری میللی، وەک میرزا احمد ، بەڵام دیارە بڕێ کاتیش شایەر شاعیری میللی نیە.

شایەر یا شاعیری میللی ئاستێکی نزمی نیە. هەمتر دوکتۆر عیزەدین ئەڵێ: « هەرچی شاعیری میللیشە، ئەوە پایەیەکی گەورەی لە ناو خەڵکدا هەیە و ناوی بڵاوە و شیعری بەسەر زاریانەوەیە. لەم رووە پێش زۆر لە شاعیرە گەورەکانی سەردەمی خۆی دەکەوێ.[1] »

بێ گومان احمد داواشی لە بەر بایخی بەرهەمی و خاسیەتەکانی، شاعیرێکی میللیە، هەروا کە کەسانێ وەک قانیع - جگەرخوێن- علی بَردە شانی و فەقی تەیران وا بوون. ئەو گەر چی شەڕە شیعری شایەرانەیشی کردبێ:

من کوڕ داواشیم، مەواشیر نۆ دێوُ هابێ پێم بێژە، ناو باوک تووکێوُ[2]

هەر لە ئاستە بەرزەکەیدا دەمێ نێتەوە. با وای بۆ بڕۆین کە میرزا ئەحمەد و «فهیم و شامی»[3] کە کەم و زیاد هی وڵاتێک و سەردەمێکن، سێ ستوونی شیعری میللی کوردین لەو وڵاتە دا، هەر چەند ئەوە لە بەرهەمی «فهیم» دیومانە شیعری کلاسیکی فارسیە یا ئەوو شامی (بە هوێ نابینایی) نەخوێندەوار بوون. جا ئەوە باسێکی ترە با لە شوێنی خۆیدا باسکرێ. محی الدین حق شناس یش لە سنە ئەم ئاستەی هەیە لە گەڵ جیاوازی سەبکدا. ئەمەیش بڵێین کە جگە لەم دوو کەسە نەبێ، لە سەردەمی هاو چەرخی وڵاتی ئەودا ئیتر لە پێشینیان یا داهاتوان، لە چوار چێوەی ئەدەبی میللی و خەڵکیانە دا، کەس بە ئاستی شیعری میرزا احمدی داواشی نەگەیشتووە.

لە پرسی شاعیرانی میللی یا شایەراندا شیاوە بڵێین لە دڵی داهێنان و ئەفڕاندنی زۆرێ لە شاعیرانی فەرمی و بە تایبەت لای شاعیرانی گۆران زمان، هەموو کات دەتوانین نیشانی شایەران و شاعیرانی میللی هەڵ کەین.

ئەم نیشانانە تاڕادەیەکی دیاری لە شیعری احمد بەگی کۆماسی و بێسارانی و مەلا هۆمەری رەنجووری و ئەڵماس خانی کەنوولەیی و لە ئاستێکی باڵاتردا لای خانای قوبادیش دەبینرێن.[4]

دانانی سنووری بۆ شاعیریەت و شایەریەت لە بەرهەمی چینێ کی بەژمارە زۆر لە هەڵبەست وانان (تایبەت ئەوانە بە گۆرانی شیعریان وتوە) گرنگایەتی تەواوی هەیە. وا دیارە بەشێکی بە پێز لەو بەرهەمانە ئامێزێکی لە هەر دوو شیوەی

۱- ئەدەبیاتی نوێ ... - لاپەرەی ۷

۲- نیو بەیتی دووەمم (بە تایبەت سەرەتای) بەچەند شێوەیە بیستوە.

۳- هەر کام سەبکی خۆیان هەیە.

۴- تێکەڵاوی سەبکی شیعری شاعیرانی دیاری «گۆران زمان» بە لەحن و شێوەی شایەران و شاعیرانی میللی لەم شیعرانەی مەلا عومر رەنجووری دیارە: مەلا نەجەف نام، خانای قوبادی- یەک مەلا سالح، جەرگەی موړادی . یوسف یاسکە، مەلا تەمەرخان - شێخ علی حەریر، مەلا یاقووجان - ولی دێوانە، خواجەی ئەردەڵان - شێخ شەهابەدین، شاقەڵائەیوان. ڕەنجووری لاپەڕەی ۴۰-۴۱

ناو براو که له هەڵکەوتوان دا ئەو نیسبەتە بە سودی شیعری ئەدیبانەی فەرمی دەگۆڕێ. هەڵبەت ئەمە بە مانای نەبوونی هێڵێ کی ڕوون و دیاریە لە نیوان شیعری باشی میللی و هەڵبەستی ئەدەبی فەرمیدا.

من لە مەرحوومی مامۆستا سید طاهرم بیستوە کە میرزا احمد بەهرەی تەواوی لە احمد ڕۆیتەن هۆرە چڕی بە ناوبانگی ئەو کاتە وەرگرتوە.

مامۆستا دەیفەرموو احمد ڕۆیتەن خۆی شیعری نەبوو، بەڵام سروودەی شایەران و شاعیرانی زۆری وەک - یۆسفی یاسکە - مەلکەی موراد وەیس - شاکە و مەسوور - سەیدی - خانا - الماس خان - میرزا شەفی - مولوی کورد - ترکە - حیدر - سید یاقووی مایدەشتی لە بەر بوە و هەر دوانزە مەقامەکەی هۆرەی هاورێی پاوەچەکانی زانیوە . میرزا احمد وا دیارە لە و شیعرانە و بیستنیان، چەشنێ پەروەردەی شیعری پەیدا کردبێ و لە داهاتوویش بە نائاگا لە سەر سەبکی کاریگەری بوە.

یەکێ لە باسە ناوە ندیەکان دەربارەی میرزا احمد ئەمەیە کە بە هۆی پلەی خوێندەواری و نەختێ دووری لە شارەزایی «عیلمی» بە سەر «فن الشعردا» و بە تایبەت بە پێی لەحن و زمانی ئاسایی و خەڵکیانەو بەیت وێژانە، نە شاعیر تەنیا بە مانا زانستیەکەی، بەڵکوو شاعیرێکی بەتەواوی زەوقیە. یانی زۆرتر لە سەر ئەساسی زەوق و بەش شاعیرە.[1] هەر وا کە مامۆستا عیزەدین موستەفا ڕەسوێش دەڵێ (لە ئەدەبیاتی نوێی کوردی)، لە کۆمەڵی کوردەواری بەم جۆرە شاعیرە، شایەر وتراوە. نەموونەی شایەران لە دونیای فەرهەنگی «عامە»ی کوردیدا زۆر بوون و تا ئەم دواییەش تاک و تەرا دەبیزان و بڕێکیان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پلەی شاعیری میللی یان پێدراوە.

شیعری شایەران کە بەرزترین قوللەی زەوقی جەماوەر و «عامە»یە گا لە بواری زمان و هیوایە تەکاندا شێوازی وتە و ئارمانجی نەخوێندەواران باڵی بە سەڕدا ڕاکێشاوە، بەڵام بە جوانیەکە لە زۆربەی شیعری بێ تامی خوێندەواران دا نموونەی نابینی: میرزا ئەڵێ :

بەنی گَز عاجز بازان بێ نووڕەن　　سەرانسەر سارای نارا و خاپووڕەن

یا ڕۆلە وەلی گیان بۆ شەخس سەرواز - فەرق ناکا ئەگرا و شیراز یا ئەهواز[2] ڕەوان و تازەیە.

۱- ئەمە جیایە لەوە کە شیعرەکانی لە زۆر شاعیری فەرمی باڵاترە. لە نێو شایەران دا بە بۆچوونی ئێمە ئەو لە هەمووی نێزیکترە لە شیعری کلاسیک.

۲- ئەم دوو بەیتە نایابە لە دیوانەکەی دا نیەو من سەرزاری بیستوومە

یا شامی ئەڵێ: شەو یازدەهوم ساعەت کردن خوەش - ناو بەندە نان شامی ستەمکەس [1]

جا هەروا کە دەبی نین لە باری فورم و خۆماڵیەتیشەوە، لە فولکلۆر و لە داب و نەریتی شیعری «عامە» پێی گەیشتووە. بە تایبەت شیعرەکانی ئێرەی میرزا احمد لە سەر کێشی هیجای ه+ه ی خۆماڵین کە بە کێشی نەتەوەیی کورد ناسراوە.

۱- کوردیلا پەڕەی ۱۱ چەپکە گوڵ کۆ کراوی مامۆستا ماجد ڕۆخانی

بەشی دووەم: بەر ئاوردی میرزا احمد و فَهیم و شامی

لە واقیعدا ئیشی شایەران بەشێ لە فەرهەنگی ئاسایی و خۆماڵی هەر شوێنێ کە و هەموو کات بایەخی مەحەلیشی زۆرە و هاو کاتیش لە زاراوە و دیالکتی ستاندارد و زمانی یەک گرتوو دووەرە.

ئەگەر لە نێو شایەرانی هاو چە رخدا هاوتایەک بۆ میرزا احمد داواشی دەس نیشان کەین، تەنیا دوو کەس پێش چاو دەکەون کە لەو ئاستەدا قەرار بگرن: ۱- فەهیم سنجاوی ۲- شامی کرماشانی. هەمتریش ئەگەر ئەحمەدی داواشی بە هۆی نەختێ خوێندەواری یا بڕێ ئاهەنگی شیعری لە سەر شێوەی کلاسیکی، دیاردەیەکی بەناوبەینی بێ لە نێو شاعیر و شایەردا (کە هەر لە شایەریش نێزیکترە)، «فتح اله فهیم » بەڵام بە تەواوی بە شامی دەشوبهێ. کە ئەویش هەر لە زۆرمندالّیەوە بینایی لە دەس داوە و لە مالّە گەورە کاندا وەک دیواخانی خوا مروەت خانی سنجاوی، هەموو شەوانێ گوێی بە شانامە خوێنی ڕاهاتووە[1] و هەر ئەوەش بوەتە هۆی پەروەردەی بیرو زەوقی شاعیرانەی و لە سەرکێش و شێوەی شانامە و بەحری ئاشنای ئەو شیعری وای وتوە کە لە «فردوسی» جیا ناکرێتۆ، تەنیا ئەمە نەبێ کە حەکیمی تووس داهێنەرە و ئەم بەشوێن پێی ئەودا ڕۆیشتوە. بڕوانە بۆ نەموونە شیعری :

جوانرود گشته چنو ایمـنا　　تو گویی که سـالار او بیژنا

یا　از آن نامداران و شیران گله　　کنون یاره مـانده چو دیـویله

یا　دریغا حسن خان شمشیرزن　　نـدانم به برلـن بـود یـا پکن

کفِ قاسم گُـــرد والا تبـار　　همی زرّ فشاندی چو ابر بهار [2]

ئێمە حماسیاتە کوردیەکەیمان نەدیوە تا لە سەر کێش و بایخی جوانناسانەی شتێ بلێین. فەهیم کە لە بنە چەقدا خەلکی شەلە و زالواوی ناوچەی سنجاویە و لە سالّی هەزار و سێ سەد و نۆزدەی کۆچی هەتاوی لە زالواو لە دونیا دەرچووە، لە «حماسیاتی» سنجاویدا شیعری کوردی زۆری وتوە کە ئیستە لە مالّی موحەمەد خانی سنجاویە لە تاران و پاش موحەمەد خان وا لە دەس پەروین خانمی خێزانیدا و وەک شیعرانی تری کە فارسین و لە چاپ نەدراون، ئەمیش چاپ نەکراوە.

۱- بەبیستن لە مامۆستای مەرحووم سید تاهیر

۲- نەقّل لە دەس نووسی شیعرەکانی فهیم کە هی نووسەری ئەم دێرانەیە.

جا ئەگەر لەم لایشەوە فەهیم لە باری فورم و ناوەرۆکی شیعریەوە لە شامی جیاوازە - کە هی ئەم مەسنەوی کلاسیکی ڕەزمی و «حماسیە» و هی ئەو مەسنەوی کۆمەڵایەتی و خۆماڵی، ئەحمەد داواشی ئەمما لە بواری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و «تەنزەوە« بە تایبەت لە شیعری «حەجی مام ڕێویدا» لە ناوەرۆکی شیعری شامی نێزیک دەبێ. هەڵبەت چەشنی تەنزی حەجی ڕێوی دەتوانین بە «تەنز»ی ئیخلاقی ناو ببەین کە پەیام و ئامۆژگاریکردنی تیایە و بەرز و جوانە ئەگەر چی جیاوازە لە «تەنز» و شیعری شامی. شیعری «کرانشینی» و هەموو شیعری شامی بە گشتی باریکی پێشکەوتنخوازی هەیە و شیعری زیندووی زەمانی خۆی، شیعری سەردەم دەنوێنێ و جیاوازە لە ئاموژگاری و ئاشکرا کردنی «ڕیا کاری» و فێڵ بازی لە حەجی مام ڕێویدا. بە تایبەت لەوێ وا ئەحمەد داواشی دەگاتە «موحاکەمەی» سۆنەی سەر سەوز لە لایەن ڕێوی و جەماوەرەکەی، کە چەن جوانیش دەڵێ :

وتی وە سەر سەوز سەوزە مێزەرەت　　جە کام نەسەبی کامە سەجەرەت[1]

وتی ســـەیـدم خـــــــەتـــەرەم　　بەڵام چی بکەم سەجـــەرەم نیەن[2]

لە باری زمانی شیعریەوە لە گەڵ ئەوە دا کە ئەحمەد داواشی و شامی هەر کامە، وان لە سەر زمانی ناوچەی خۆیان کە یەکێ کیان دیالکتی سۆرانیە و بەشە دیالکتی جافی و ئەوی تریان دیالکتی کەڵهوریە بەوشێوە وا لە کرماشاندا دەوترێ، کاریگەری زمانی گشتی شیعری کوردی لە سەدەکانی پێشودا کە گۆرانی بێ، بە سەر هەر دوویان دیارە. هەڵبەت شیعری ئەحمەد داواشی بە زاهیر هەر بە زمانی شیعری گۆرانی وتراوە بەڵام تێکەڵی زاری ئاخافتنی ئەو کە جافیە[3]، بووە، جافی وڵاتی ڕوانسەر.

لەو شابەیتە دا کە شامی باسی نابینایی خۆی دەکات، ڕەنگی گۆرانی شیعرەکە دیارە:

هەنُو نەشناسۆم چەپ و ڕاس دەست　　دەس جە هاندار، جەهان بینم بەست.[4]

۱- ئەم نیودێرە وایش وتراوە : «لە کام نەسەبی، جە کۆن شەجەرەت». بەڵام دیارە ئەوەی وتارەکە شایەرانە تر

۲- نەقڵ لە حەدیقەی سولتانی لە محمد علی سولتانی لاپەڕەی ۵۷ چاپی ۱۳۶۴ هەتاوی

۳- چەپکە گوڵ شیعرەکانی شامی - ماجد روحانی لاپەڕەی ۱۱ چاپی شەشەم ۱۳۷۰ تاران

۴- کە لێرەدا (ز)ی «هەنوز» کە لە کتیبە کە دا هاتوە بە زیاد دەزانم، لە بەر ناشاعیرانە بوونی و دووریشی لە زمانی گۆرانی، لە وانەیە لە ڕیوایەتە پێشووترە کاندا لە زمانی شاعیر، پیتی (ز)ی نەبووبێ. هەروا کە دەست و بەست ڕەنگە : دەس - و- بەس بووبێ

وتمان ڕادەیە لەو هەستی ڕومانسیە وا هەمووکات بە هۆی خەیاڵاوی بوون و تەڕی و خۆماڵیەتیوە لە دیالکتی هەورامی و گۆرانیدا بوە، لە شیعری میرزا احمد و زۆرێ لە شاعیران و شایەرانی وڵاتی هەورامان و جاف نشین دا بوە.

ئەم خاڵە دیاریە و خاڵانی تر، شێوازی گشتی سرووەی میرزا احمدیان بەدی هێناوە و ئەو ئەمانەی لە نەریتی گشتی شیعری گۆرانی وەرگرتوە. لە باری زمانەوە هەموو کات شیعری ئەو ئامێزی بەشە دیالکتی وڵات و زێدی خۆی یانی جافی و ڕوانسەری بوە.ئەمما بڕێ خاسیەت لە شیعری میرزا احمد دا هەیە کە روخساری شەخسی شیعری ئەون و ئیستێل و سەبکی تایبەتی سرووەی بەحیساب دین. دیمەنی سەرەکی شیعری ئەو، وەسف و بڕێ غەرامیات و شیعری کۆمەڵایەتی و تەنزی ڕەخنە گرانەیە و بە تایبەت ئیخلاقی. چەشنێ حیکمەتی کوردانە و کوردەواریانە کە جۆرەیە «عەقڵی گشتی» تیایە، شیعری ئەویان ڕازاندوەتۆ. وەسفی جوانی و ژن (وەک سیاپۆشەکەم)، لە شیعریدا ون نیە و ئەمە بە پێچەوانەی دووگەورە شاعیری (شایەری) نێزیک بە چەرخی ئەون کە ئەم وەسفە و ئەم هەستی ئینسانیە (ڕەنگە لە بەر نابینایی) لە شیعریان نیە: شامی و فهیم. لە کۆتایی ئەم باسەدا با ئەمەیش بڵێین شیعری میرزا احمد و شامی تا ئەم ڕادە کە «حماسیاتی سنجاوی»مان لە فهیم نەدیوە و ئەوە بە کوردیە، لە هی ئەو (فهیم) داهێنەرانەتر و ڕەسەن تڕە. شیعری میرزا احمد هی خۆیە، لاسایی نیە، گەر چی ئەوەی فهیم باشترین لاساییەکە وا دیومانە لە شایەران .

سید معتصم هاشمی

CamScanner

سەرچاوەکان بۆ وتاری:

١- ئەدەبیاتی نوێی کوردی - دوکتور عزالدین مصطفی رسول

٢- بڕی شیعر و زانیاری کە سەرزاری لە ئاگادران بیستوومە

٣- ئەو یادداشتە پڕۆبلاوانە لە مامۆستا سیّد محمد تاهیر هاشمی دیومە

۴- لێکۆڵینەوە لە فولکلۆری کوردی - دوکتور عزالدین مصطفی رسول

۵- دیوانی مەلا عومەری ڕەنجووری

٦- چەپکەگوڵ- کۆکراوی مامۆستا ماجد ڕۆحانی- شیعرەکانی شامی کرماشانی

٧- حدیقەی سولتانی - دوکتور محمد علی سولتانی

٨- دەس نووسی شیعرەکانی فهیم، «رزم اورامان» و بڕی پارچەی تر

٩- دیوانی میرزا احمدی داواشی - حوسەین موحەممەدی

١٠- نەواری شیعرە کانی بڕری شایەر: میرزا سالح شایەر کانی گوڵی- میرزا لطف الله جوانڕۆیی

CamScanner

منابع :

۱- ادبیات نو کُردی – دکتر عزالدین مصطفی رسول – چاپ اول 1989 میلادی – بغداد – مترجم سید معتصم هاشمی

۲- برخی معلومات به همراه اشعار میرزا احمد که از آگاهان شنیده ام.

۳- یادداشتهای پراکنده از استاد سید محمد طاهر هاشمی

۴- پژوهشی در فولکلور کُردی- عزالدین مصطفی – ترجمه عرفان صاحبی

۵- رنجوری سرقطار شاعران کرکوک و گرمیان – نزار محمد صابر – چاپ 2012 میلادی

٦- چەپکە گوڵ (دسته گول) – ماجد مردوخ روحانی – اشعار شامی کرمانشاهی

۷- حدیقه ی سلطانی – محمد علی سلطانی

۸- نسخه‌ی دست نویس از بخشی از اشعار فهیم (رزم اورانان) و قطعه هایی دیگر

۹- دیوان میرزا احمد داواشی – بکوشش حسین محمدی

۱۰- نوار اشعار بعضی از شایران: میرزا «سالح شایه‌ر» کانی گوڵی – میرزا لطف الله جوانرودی

CamScanner

مراجع :

1- الأدب الكردي الجديد – الدكتور عز الدين مصطفى رسول – الطبعة الأولى 1989م – بغداد – ترجمة سيد معتصم الهاشمي

2- بعض المعلومات مع أشعار ميرزا أحمد سمعتها من أهل العلم.

3- ملاحظات متفرقة للأستاذ سيد محمد طاهر الهاشمي

4- بحث في التراث الشعبي الكردي – عز الدين مصطفى – ترجمة عرفان صاحبي

5- معاناة شعراء كركوك وكرميان – نزار محمد صابر – طبعة 2012

6- چەپکە گوڵ (باقه من الزهور) – ماجد مردوخ روحاني – قصائد شامي كرمنشاهي

7- حديقة سلطاني - محمد علي سلطاني

8- نسخة مكتوبة بخط اليد لبعض قصائد فهيم (رزم ورنان) وغيرها من القصائد

9- ديوان ميرزا أحمد داواشي – مجهود حسين محمدي

10- قصائد لبعض الشعراء: ميرزا "صالح شاعر" كاني قولبي - ميرزا لطف الله جوانرودي

CamScanner

References :

1- New Kurdish literature - Dr. Ezzeddin Mustafa Rasool - First edition 1989 AD - Baghdad - Translated by Seyyed Motasem Hashemi

2- Some information along with Mirza Ahmed's poems that I have heard from knowledgeable people.

3- Scattered notes from professor Seyyed Mohammad Taher Hashemi

4- Research in Kurdish folklore - Ezzeddin Mostafa - translated by Irfan Sahibi

5- The Sufferings of Kirkuk and Garmian Poets - Nizar Mohammad Saber - 2012 Edition

6- Chepeke Gol (Deceit Gol) - Majed Mardokh Rouhani - poems by Shami Kermanshahi

7- Soltani Garden - Mohammad Ali Soltani

8- Handwritten version of some of Fahim's poems (Razm Oranan) and other pieces

9- Diwan Mirza Ahmad Davashi - Hossein Mohammadi's effort

10-. Poems of some poets: Mirza "Saleh Shayer" Kani Golpi - Mirza Lotfollah Javanroudi

CamScanner

ئیرجاعات :

لاپەڕەی ۴ سەرەتا :

۱- مامۆستای مەرحووم دوکتۆر عیزەدین ئەڵێ: « بۆ ئێمە ئەدەبیاتی میللیمان هەر لە سەر ئەو کێشانەیە کە شیعری فولکلۆری کوردی یان پێ وتراوە ...» دیارە کێشی شیعری فولکلۆری هیجا بووە. ئەدەبیاتی نوێی کوردی - دوکتور عیزە دین مستەفا رەسوڵ - لاپەڕەی ۵ - چاپی بەغدا - ۱۹۸۹ زاینی

لاپەڕەی ۵ وتار :

۱- ئەم بەیتە کە بەیتێ تریشی لەگەڵدا بوە لە ڕێوڕەسمی چەمەری وتوویە و نووسەر لە مامۆستا سید تاهیری بیستوە.
۲- نەقڵ لە سەرچاوە پێشوو.

لاپەڕەی ۶ وتار :

۱- ئەدەبیاتی نوێی کوردی- عیزەدین مستەفا- لاپەڕەی ۱۰ چاپی یەکەم- ۱۹۸۹ زانینی - بغداد
۲- سەرچاوەی پێشوو دوکتۆر عیزەدین ئەڵێ: «... ئەگەر شایەری ئێمەش وەک شایەری گەلێک میللەتی‌تر بەختەوەربن، ئەوا بەرهەمەکانیان یەکسەر تۆماردەکرین ... وله کاتی لێکۆڵینەوەدا دەچنە خانەی ئەدەبی میللیەوە ...». لاپەڕەی ۱۱

لاپەڕەی ۷ وتار :

۱- ئەدەبیاتی نوێ ... - لاپەڕەی ۷ مامۆستا عیزەدین هەمتر دەڵێ: «هەر چی شاعیری میللیشە، ئەوە پاپەیەکی گەورەی لە ناو خەڵکدا هەیە و ناوی بڵاوە و شیعری بە سەر زاریانەوەیە. لەم ڕووە پێش زۆر لە شاعیرە گەورەکانی سەردەمی خۆی دەکەوێ.»
۲- شەرحی نووسەرە
۳- شەرحی نووسەرە
۴- تێکەڵاوی سەبکی شیعری شاعیرانی دیاری «گۆران زمان» بە لەحن و شێوەی شایەران و شاعیرانی میللی لەم شیعرانەی مەلا عومر ڕەنجووری دەڕئەکەوێ:

... مەلا نەجەف نام، خانای قوبادی — یەک مەلا سالّح، جەرگەی مورادی
یۆسف یا سکە، مەلای تەمەرخان — شێخ علی حەریر، مەلا یاقووجان
ولی دێوانە، خواجەی ئەردەڵان — شێخ شەهابەدین، شاقەڵا ئەیوان

ڕەنجووری سەرقەتاری شاعیرانی کەرکوک و گەرمیان - نزار محمد سابیر- ۲۰۱۲ - لاپەڕەی ۴۰-۴۱

لاپەڕەی ۸ وتار :

۱- شەرحی نووسەرە
۲- ئەم دوو بەیتە نایابە لە دیوانەکەی دا نیەو من سەرزاری بیستوومە

لاپەڕەی ۹ وتار :

۱- لاپەڕەی ۱۱ «چەپکە گوڵ» - ماجد ڕۆحانی

لاپەڕەی ۱۰ وتار:

۱- بەبیستن لە مامۆستای مەرحووم سید تاهیر
۲- نەقڵ لە دەس نووسی شیعرەکانی فهیم کە هی نووسەری ئەم دێرانەیە.

لاپەڕەی ۱۱ وتار:

۱- شەرحی نووسەر
۲- نەقڵ لە حەدیقەی سولتانی لە محمد علی سولتانی لاپەڕەی ۵۷ چاپی ۱۳۶۴ هەتاوی
۳- چەپکە گوڵ شیعرەکانی شامی - ماجد روحانی لاپەڕەی ۱۱ چاپی شەشەم ۱۳۷۰ تاران
۴- شەرحی نووسەر

CamScanner